

خۆشناو مەریوانی نۆڤەمبەری ٢٠٠٦

**تەپڵە ئەفریکاییەکە، جەندرمەیەکی تورک ئەنفالی کرد**

هۆیەکی سەرەکی پاڵی پێوەنام
ئەم نوسراوە بنووسەم:

١لە) کۆچی دوایی رەهێڵی کوورم (١٩٨١-٢٠٠٦ )

سەرتان نەئێشێنم، لەگەڵ کچ وکورەکەمدا، جارێکی لە یەکێ لەسەفەرەکانی پشووی هاوینی قوتابخاندا، بۆ کوردستان گەراینەوە. مناڵەکانم ئەوکاتە گچکە بوون، گەورەکەیان یادی بەخێر بێت، رەهێڵی(1) ناو بوو، تەمەنی چواردەساڵان وکچەکەشم لەیلای ناوە، حەوت ساڵان بوون.
بەیانییەکی کۆتای مانگی حوزەیران بوو، فرۆکەکەی لە ئەستەمبوڵەوە پێی فریبووین لەدیاربکر نیشتەوە. دەموودەست ماشێنێکی خەتمان تازاخۆ بەکرێگرد، وبەرێکەوتین. شۆفێرەکە گرمەی لەماشێنەکە هەڵساند وتێمان تەقاند. رێگای دوورودرێژ وپێچاوپێچ وشۆفێری بەپەلە بەهیلاکی بردین. لێخورینی ماشێنی خێرا، مەودای نەدەداین کەم نوستنی دوێشەوی فرۆکەخانەی ئەستەمبوڵ، بەدەم وەنەوسدانەوە، خەرقی جوانی دەشتوودەری سور، سەوز و زەردی کۆتای بەهاری کوردستانی بکەین، هاوکات لە پەنجەرەی ماشێنەکەوە دەماندی، بەلەنجەی پرمۆزیکا، بەرەو پیرمانەوە ئەهاتن.

کورەکەم لەشۆفێرەکە بەپەلەتر بوو، ساتە ناساتێک بەپرسیاری دوبارە، گۆمی بێدەنگیمانی دەشلەقاند. بەیارمەتی باوە زۆرمان ماوە بگەین؟. کورم چەند کات ژمێرێکیتر دەگەینە زاخۆ. لە دوێنێوە مامتان لەسەر سنوور ماتەڵمانە. جار جارە ئەوندە بێدەنگ دەبوین، ئەگەر گوێمان بەفڕەفڕی ماشێنەکە رابهاتبایە، گوێمان لەفرینی مێشی ناو ماشێنەکە دەبوو. کچەکەم لە پەنجەرەی ماشێنەکەوە بێدەنگ بە چاوە گەشەکانی راوی گەشت وگووزارەکانی خاکی کوردستانی ئەکرد، یەک دوو کەرەت پێی گووتم:
باوکە زۆر کەیفم بەکوردستانی بابە دێت، زۆر بە ماڵی نەنە دۆنیز دەچێت. راستەکەی کچم. کوردستان بە ناوەراست وخواری فەرنسا دەچن. کچەکەم هێمنی وبێدەنگێکەی، بەوە دەچوو پەلەییێت لەگەڵ پوورزا

وئامۆزاکانی وەک هەموو جارێک و هەموو پشووی ساڵێک لەسولێمانی لەماڵی باپیری پەتپەتین ودیلمۆودیلانێ بکات. لێم پرسین ئەوە بۆ وا خامۆش ومات بوون؟
کچەکەم سەرێکی بادا، وەک بڵێت کشومات نیم.
هەروەها رەهێڵی کورم گووتی؛ باوە ئارەزوو دەکەم زووبگەین تا بەبابە گەورەم نیشاندەم، لەپارەوە چەند فرەتر فێری تەپڵ لێدان بووم. ئەزانی رەهێل دایەگەورەتان وباپیرتان زۆر دڵیان پێتان دەکرێتەوە. ئێستا گۆبەندێکی ئاوازی تەپڵیان بۆ سازکەن، ئەوەندەی تر لەگەڵتاندا گەنج دەبنەوە. من بزانم ئەم ساڵ لەسلێمانی خۆشگووزەران دەکەین.
رێگامان بریوو لە مەردینەوە بۆ تەڵەی رێسترانی گیرفان بڕینی موسافیران شۆربوینەوە. لەبەر چڵێسیمان بەگوێزانی کوللی فاکتوری مێزەکەمان کەمێک باخەڵیان بڕین وزۆرێک زیاتریان لێ سەندین.
لە ریستورانەکە مەرەخەس بووین و دیسانەوە دوای رێگا کەوتین.

لەدوو ریانەکەی مەردینەوە تا مەرزەکەی سلۆپی لەبەر کۆنترۆلی جەندرمەی تورکی ماوەمان نەبوو پەساپۆرتەکانمان لەباخەڵمان هاوینەوە. ئێمە لەسەفەری ساڵانی پێشووترماندا لەبەزمی بەهانە وئیهانە وماتەڵکردن وپێشێلکردنی هەستی مۆراڵ زۆرمان دیبوو، لامان ئاسایی ببوو. لەئەورپاش ئەوەندەمان تیاتر وفلیم لەسەر رەفتاری فاشییە ئەوروپاییەکانی جەنگی جیهانی دووهەم دیبوو راهاتبووین.

ئەوەی بەراستی جێگای ترس بوو، جەندرمەکانی سەرئاوی خاپوور، کەسنوری دارێژراوی جیاکردنەوەی گەلێک بۆ دوو. " کوردی باشور و کوردی باکور " بوو. منالەکانم وەک زۆربەی منالانی ئەوروپا حەزیان بەیەک گرتن وئاشتی وخۆشەویستی نێو وڵاتان بوو.
هەمیشە لەو مەرزە دەترسان دەیان گووت؛
بابە کوردستان زۆرخۆشە لەماڵی دایەگەورە و بابە گەورە هەرگیز تاقەتمان ناچیت. بەڵام کاتێک دەگەینە ئەو سنورە، بیری پاریس دەکەین. لەدڵی خۆمدا دەمگووت؛ ناحەقتان ناگرم لەو کاتە هەرەناخۆشەدا، کەمرۆڤ هەست وشعووری لەمردن نزیک دەبێتەوە، بیری پاریسی نازدارتان دەکەوێتەوە. بەڵام باوکە حەسرەت دیدەکەتان کاتێک ئەم مەرزە دەبینێت بیری چاڵی جەرگی پیرێژن و ژنە گەرمیانێکەی دەکەوێتەوە، کە لەدامێنی نووگرە سەلماندا فرێدرابوو، بەزەبری رەشەبای بیابان بەلم داپۆشرابوو. لەو بیابانی کاکی بەکاکییەی خوواروی رۆژهەڵاتی ئێراکدا، بە شێلەی خوێنەکەی لەتوویی گوڵی ناو فەقیانەکەیدا، گوڵێکی سور بە هێزی گەورەبوونی، ئەو لمە وشک وگەرمەی بڕیبوو، بەسروشتی لەسەر تەرمە بلم داپۆشراوەکەیدا لەو بیاباندا گوڵە شەوبۆ بە خوێن ئاودراو گوشابۆوە و رووابوو.

شۆفێرەکە پێش ئەوی بگەینە مەرزەکە وەک هەمیشەی قەوانی گۆرانی نەڵێن کوردین وبۆکردستان ئەگەرێنەوەی پێشکەش کردینەوە. هەروەها گووتی بەمناڵەکانتان بڵێن:
کەقەوم فەرەنسین، وتۆش ئێراکی، ئەدی نایەڵن بچنە ئەودیوەوە، ودەتان گەرێنەوە. گەیشتینە مەرزو ئیهانە وپێشێل کردنی کرامەت کراین. پاش چەن ژمەم پشکنین، جانتای سەفەر وکەلوپەلمان، بۆ دەجار فرەتر داگرا و بارکرایەوە.
جەندرمەیەکی ئێسک ئەستوری رەزاگرانی ناشرین بەرەو ئێمە هەنگاوی ئەنا، بەئیشارە و رەمز ووتی؛

ئەوجانتايە بکەنەوە. بەپەلە جانتامان کردەوە. ديقەتی ناو جانتايدا، رەنگێکی هانی وبرد، قيرانی ولەگەڵ رەمزی دەس راوەشادندا؛ ئەيقيران لەوە ئەچوو بڵێت ئەوەچييە؟ من وکورەکەم بەيەک دەنگ و بەزەردەخەنەوە ووتمان؛
مسيۆ ئەوە تەپڵە.
جارێکی تر قيرانی ئەوەچييە؟
بە ئسلوبێکی جوانتر گووتمان تەپڵە. من ئيزافەمکرد:
تەپلی کورەکەمە، بەزەردەخەنەوە سەيرێکی رەهێڵ کردم.
لێمان نزيکبۆيەوە وبەهێزتر ئەی قيران و بەتورکی هەمان رستەی دووبارە ئەکردەوە. ئێمە وەک قومبەلەمان بۆبژمێرێ هێچ حاڵی نەبووين. ئەمان گووت: تەپڵە، تەپڵە، تەپڵە، مسوێ تەپڵە چ نييە.
سەيری کچ وکورەکەم کردن، لە ترسا ئەلەرزين و رەنگيان تێک چوو بوو.
بە ئەسپای پێيان گووتم:
بابە ئەمان کوژن؟.
لێيان نزيکتر بوومەوە نا مناڵەکانم چ نييە، مەترسن.
شۆفێری ماشێنەکە مان، بەپەلە لێمان نزيک بۆوەو بەداماوی وکزييەوە گووتی ئەو پەرۆ زەردو وسوورە وسەوزە دەڵێت، کەپێستی تەپڵەکەی لە داری تەپڵەکە شەتەک داوە. يەکسەر تێگەيشتم مەبەستی ئاڵای کوردستانە.
لەحەسرەتا ووتەم بەفەرەنسی بۆهات؛
ئەو تەپڵە ئەفەريکاييە ولەئەفەريکا لە کامروون کريوومانە، هيمای ئاڵای کامرونی ئەفريکايە.
لەهەندێ ناوچەی ئەفريکا بەتايبەتی لە کامرون، تەپڵ بەپەرۆی رەنگاو رەنگ دەرازێنەوە.
جەندرمە رەزاگرانەکە، هەڵی کوتايە سەر تەپلەکە وەک لەجەنگی بەدر وحونەين دا بێت، يا پەلاماری رابيعەی عەدەوی بدات، هەڵی گرتوو بەپەلە رۆيشت.
کورەکەم بەداماوييەوە لێی پرسێم؛
باوە بۆ تەپڵ ياساخە؟ ناکورم تەپڵ ياساخ نييە، پەرۆی زەرد وسور وسەوز ياساخە. ئەو پەرۆ رەنگاو رەنگە پێستی ئاسکەکەی لە داری تەپڵەکە شەتەکداوە، نەدەبوو لەم وڵاتانە زەرد وسور وسەوز بوونايە.

کور وکچەکەم لەو سەرەتای هاوينە گەرمەی کوردستانی باکوردا، لەترسا دەلەرزين. بەوە رازيبووم تەپڵەکە حيجز کەن و نەماندەنەوە. بەکورەکەم ووت؛ گوێمەدەرێ لەسلێمانی دانەيەک لەوە چاکترت بۆدەکرم. کورەکەم وەڵامی نەدامەوە، چاوی بريبووە ئەو ژوورەی جەندرمەکە بەتەپڵەکەوە خۆی تێخزاندبوو.
پاش دووسێ هەناسەيەک، جەندرمەکە تەپڵەکە بەدەستێکييەوە وبەدەستەکەی ترييەوە چەکوشێکی گەورەی پێبوو. وەک بايەقووش، هاواری لە شۆفێرەکەمان کرد وتەپڵەکەی بەهەموو هێزی دا بەزەويدا، گرمەيەکی جەنگ نهێنی لە دڵی من و مناڵەکانمدا بەرپاکرد.
تەپڵەکە گرمەکەی بەزەويدا دەست پێکرد نەدەبرايەوە، لە نێوو گوێکانما دەنگی ئەداوە، لە دڵ و دەرونمدا دەنگی تەپڵەکە ئەزرنگايەوە. تەپڵ داری سروشتی وەک بەروو قايم بوو نەشکا لە ناخمدا ئەی گووت

بەدەستی فاشیان هەرگیز ناشکێم، خەم مەخۆن من قایمم ناشکێم نانەوێم و نەشکاووم.
جەندرمەکە لە داخا بە پاژنەی پۆستاڵەکانی بە هەموو هێزی لەقەیەکی لێدا، هەرنەشکا. بانگی شۆفێرەکەی کرد، قیرانی بەسەریدا، چەکوشەکەی دایەدەستی، وبەتورکی چەند ووشەیەکی پێگووت.
لە گەڵ مناڵەکانمدا، بە چاوی هەست تێگەیشتین جەندرمە تورکەکە دەیوێت تۆڵەی خودی بێ دەماخی لە تەپڵەکەی رەهێڵ بسەندێتەوە. شۆفێرەکە بەچەکوشەکە بەربووە کوتانی سەروگوێلاکی تەپڵەکە. لە گەڵ هەر چەکوش لێدانێکدا تەپڵەکەمان ئاوازێکی هەڵگیرسانی شۆرشی لە گوێماندا ئەزرەنگانەوە. سەفۆنیا و ئاهەنگی بەرگری بۆ ئەچرین،
من و مناڵەکانم، لە دڵەوە بەهەست ئەمان گووت؛
تەپڵ سوپاس مێرسی هەربژی.
تا لەگەڵ زەویدا تەخت بوو، مۆسیقا و گۆرانی دوای بەرگری ئەچڕی.
سەمفۆنیایەکی شۆرشگێری بۆ وەفا ودڵسۆزی پێشکەش بەئێمە و رەهێڵی کورم کردین. هەرگیز مۆسیقای ئازادی و خۆبەختکردنی ئاوامان تا ئەورۆژە گوێ لێ نەببوو.
سەیری مناڵەکانم کرد:
چاویان بەهەردوو لەپی دەستییان گرتبوو،
تا بە حەسرەتر گوێ بۆ مۆسیقا پڕئاگرینی شۆرشە بەردەوامەکە بگرن.
------------------------------------------------------------------------.

(1)لەرۆژی یانزەی نۆڤەمبەری ٢٠٠٦دا، لەیادی لەدایک بونی (رەهێڵ)دا ئەم نوسراوەی بەردەستانم نووسی، ئیلهامەکەی لە چیرۆکە راستییەکەوە وەرگیرا بوو، ئێستا تەرمی رەهێڵی کورم ، لەگۆرستانی پیەرلاشێزە لەپاریس.

meriwany5@gmai.com